سەرۆک وەزیران پێشوازی لە شاندێکی سەندیکای مامۆستایانی عێراق دەکات

سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران محەمەد شیاع سودانی، ئێوارەی ئەمڕۆ دووشەممە پێشوازی کرد لە شاندێکی سەندیکای مامۆستایانی عێراق بە سەرۆکایەتی سەرۆکی سەندیکای مامۆستایان بەڕێز عودەی عیساوی.

نوسینگەی راگەیاندنی سەرۆک وەزیران لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند:-لە سەرەتای کۆبوونەوەکەدا، سەرۆک وەزیران پیرۆزبایی لە سەرۆک و ئەندامانی ئەنجومەنی سەندیکا کرد بۆ بۆنەی هەڵبژاردنیان بۆ ئەندامانی ئەنجومەنی سەندیکا.

ئاماژەی بۆکرد سودانی ستایشی ئەو کارمەندانی پەروەردەو هەوڵەکانیانی کرد لە پرسەی پەروەردەدا و جەختی لە پشتیوانی تەواوی خۆی کردەوە بۆ هەموو داواکاری و بەرنامە و دەستپێشخەرییەکان کە دەبێتە هۆی باشترکردنی دۆخی پەروەردەیی لە پارێزگا جیاوازەکان، جگە لە پشکێشکردنی هەموو ئەو شتانەی کە دۆخی ژیانی کارمەندانی پەروەردە باشتر دەکات بەتایبەتی ئەو شتانەی کە پەیوەستە بە دابینکردنی شوێنی نیشتەجێبوونی گونجاوەوە.

سودانی باسی لە گرنگی سندیکا کرد لە پەرپێدانی کەرتەکانی پەروەردە و بەهێزکردنی پەیوەندی و هەماهەنگی لەگەڵ وەزارەتی پەروەردە و جەختیشی کردەوە لەسەر پێویستی گرتنەبەری دەستپێشخەری کارمەندانی سندیکاکە بە پشتگیریکردنی بنیاتنانی دەوڵەت، چونکە نوێنەرایەتی توێژێکی گەورە و گرنگ دەکەن لە بنیاتنانی کۆمەڵگادا.

لە لای خۆیانەوە، شاندێکی سندیکا سوپاس و پێزانینی خۆیان بۆ سەرکی ئینجومەنی وەزیران دەربڕی بۆ پشتیوانی بردەوامی بۆ پرسی پەروەردە و کارلێکی ئەرێنی لەگەڵ ئەو داواکاریی و دەستپێشخەرییانەی کە دەبێتە هۆی باشترکردنی دۆخی توێژی مامۆستایان.